# داوا دەکرێت جگە لەیادکردنەوەی کیمیابارانی هەڵەبجە ئاوڕێکیش لە بریندار و بەرکەوتووانی کیمیاباران بدرێتەوە

نزیکەی سێ دەیە بەسەر کیمیابارانکردنی هەڵەبجەدا تێدەپەڕێت. ئەو تاوانە کۆمەڵکوژییەی کە لە ١٦ی ئاداری ١٩٨٨ لەلایەن رژێمی بەعسی رووخاو ئەنجامدرا، بەو هۆیەوە زیاتر لە پێنج هەزار هاووڵاتی گیانیان لەدەست داو زیاتر لە ١٠ هەزار کەسیش برینداربوون، تا رۆژی ئەمڕۆش بریندارەکان بەدەست نەخۆشییە درێژخایەنەکانی تایبەت بە کاریگەریی ئەو چەکە کیمیاییانەوە دەناڵێنن. بەپێی راپۆرتە نێودەوڵەتییەکان نزیکەی ٢.٩٪ی دانیشتووانی کورد لە باشووری کوردستان بەر چەکە کیمیاییەکان کەوتوون، بەڵام تراژیدیای ئەم مەرگەساتە هەردەم وەک دیۆەزمەیەک زیاتر خۆی نیشانی دانیشتووانی هەڵەبجە دەدات. بەشداربووانی ئەم راپۆرتەی گوڵان–یش جەخت لەوە دەکەنەوە کە ئەگەرچی هەڵەبجە سمبولی شەهیدان و بەرخودان و قوربانیدانی گەلی کوردە، بەڵام کەمتەرخەمی لە بەدەمەوەهاتنی قوربانییان و بریندارەکان بارگرانی زۆری لە رووی دەروونییەوە لەسەر خانەوادەی قوربانییانی شارەکە بەجێهێشتووە.



گولان: کۆمەڵایەتی

ئیراد مەنوچەر سان ئەحەمەد، سەرپەرشتیاری پەروەردەیی و پسپۆڕی بایلۆژییە لە پارێزگای هەڵەبجە و سەرەتا باسی ئەوە دەکات کە «بە هۆی ئەو تاوانە گەورەیەی کە دژ بە هەڵەبجە ئەنجامدرا، کە ئەویش بۆمببارانکردنی دانیشتووانی سڤیلی ئەو ناوچەیە بوو بە چەکی کیمیایی، کە یەکێکە لەمەترسیدارترین چەکە کۆمەڵکوژەکان کە لە کۆتایی سەدەی رابردوو لە دژی کورد بەکارهێنرا، ژمارەیەکی زۆری دانیشتووانی هەڵەبجە و دەوروبەری بوونە قوربانی، جۆری ئەو چەکە کیمیاییانەش کە لە هەڵەبجە بەکار هێنرا، گازە دەمارییەکانی تابوون و سارین و ڤی ئێکس و گازی خەردەل بوون، لە دەرئەنجامی ئەو هێرشە کیمیاییە نزیکەی ٥٠٠٠ هاووڵاتی سڤیل شەهید بووون و بریندارbوونی نزیکەی ١٠ هەزار کەسی لێکەوتەوە، ڕێژەی بریندارbوونیش بەو گازانە لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی دیکە جیاوازە، بە پێی وەرگرتنی دۆزی ئەو گازەی کە بەر جەستەی کەوتووە. لەم روانگەیەوە یەکێك لە ماکە ترسناکەکانی ئەم گازانە لەکاتی بەرکەوتنیان بە جەستەی کەسانی بریندارbوو دەبێتە هۆی دووچاربوون بە نەخۆشییە درێژخایەنەکانی وەك نەخۆشیی کۆئەندامی هەناسەو بینین و پێست و سەرئێشەی توند.» گوتیشی: «هەرچەندە تا ئێستا ئامارێکی فەرمی لەلایەن وەزارەتی تەندروستیی حکومەتی هەرێمەوە بڵاونەکراوەتەوە بۆ خستنەڕووی داتایەکی فەرمی، و زۆرجاریش کۆمەڵەی قوربانییانی کیمیابارانی هەڵەبجە کە ئامارەکان دەخەنەڕوو، جەخت لەوە دەکەنەوە کە ناتوانرێت وەك داتایەکی فەرمی مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، بەڵام ئەوەشیان دووپات کردووەتەوە کە تا ئێستا زیاتر لە ٥٠٠ کەس جۆری برینەکانیان سەختە و پێویستیان بە چارسەرکردنی بەپەلە هەیە، وەك چاندنی سی و کۆرنیەی چاو، هەروەها تائێستا بەپێی ئامارێکی ساڵی ٢٠٠٣ نزیکەی ١١٤ کەس لە بریندارbووان و بەرکەوتووانی کیمیاباران بە هۆی وەرنەگرتنی چارەسەری پێویست گیانیان لەدەستداوە، ئەمەش ئەوە روووندەکاتەوە کە دۆخی بریندارbووان لە ئاستێکی زۆر مەترسیداردایە، چونکە زۆربەیان باری ئابوورییان لاوازەو توانای وەرگرتنی چارەسەریان نییە، کە زیاتر دەبێت لە دەرەوەی هەرێمی کوردستان چارەسەر بکرێن. ئەم بریندارbووانە پێویستیان بە وەرگرتنی چارەسەری تایبەت هەیە، بە هۆی دەگمەنیی ئەو نەخۆشییانەی کە تووشی هاتوون، لە نەخۆشخانە ئاساییەکانی هەرێمی کوردستانیش چارەسەر ناکرێن و دەرمانی پێویست بۆ نەخۆشییەکانیان دەست ناکەوێت. زۆر جار ئەم نەخۆشانە بۆ وەرگرتنی چارەسەرکانیان دەبێت بۆ چارەسەر سەردانی دەرەوەی وڵات و لەوانە وڵاتی ئێران بکەن.» نیگەرانیی خۆیشی لەوە دەربڕی کە «نۆ ساڵ پێش ئێستا بڕیار درا، نەخۆشخانەیەکی تایبەت بە بریندارانی چەکی کیمیایی و بە پێی ستاندەرە جیهانییەکان بە سەرجەم پێداویستییە پزیشکییەکان لە هەڵەبجە بکرێتەوە، بەڵام تا ئێستا کۆمەڵێك کەموکورتی تێدایە و هێشتا دەست بەکار نەبووە.»

سندوس حوسێن عەلی، بەرپرسی ئەنجومەنی پارێزگای هەڵەبجەی یەکێتی ئافرەتانی کوردستانە و سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت: «لەسەروبەندیساڵیادی کیمیابارانی شارەکەمان درووود و سڵاو دەنێرین بۆ رۆحی پاکی شەهیدانی کیمیابارانی هەڵەبجە و هیوای شیفا و لەشساغی بۆ بریندارەکانمان دەخوازین، هەر لێرەوە پرسەو سەرەخۆشی خۆمان ئاراستەی بنەماڵەی خوالێخۆشبووی خاتوو (لەیلا حەبیبوڵا ئەحمەد) دەکەین، کە بەرکەوتەی چەکی کیمیایی بوو، بۆ ماوەی ٣٠ ساڵ بە ئێش و ئازارەوە ژیانی گوزەراند و بەداخەوە چەند رۆژ لەمەوبەر کۆچی دوایی کرد.

حاڵ و گوزەرانی بریندارەکانی چەکی کیمیایی پاش ئەم هەموو ساڵە رۆژ لە دوای رۆژ لە خراپبووندایە، چ وەك باری تەندروستی و چ وەک باری ئابووری و دارایی، چەندین بەرکەوتەمان هەیە کە پێویستە بۆ چارەسەری



نەخۆشی و کەمکردنەوەی ئێش و ئازاریان لە ساڵێکدا بە لانیکەم چوار جار سەردانی ئێران بکەن، بەڵام توانایان نییە.» وەک باسی کرد، «چەند بەرکەوتە هەن کە مەترسیی کەمئەندام بوون و لەدەستدانی بیناییان هەیە، کە لە پاش چەندین جار نەشتەرگەری بەڵام بارودۆخیان هەر مەترسی لەسەرە، گوتیشی: «بەرکەوتووانی کیمیاباران سەرەڕای سارێژنەبوونی برینەکانیان، ناتوانن وەك کەسێکی ئاسایی تێکەڵ بە کۆمەڵگە ببنەوە، بەتایبەتی ئەوانەی کە بە هۆی نەخۆشیی هەردوو سییەکان و قوڕگیان دۆخێکی تایبەتییان هەیە.»

بەرپرسی ئەنجومەنی پارێزگای هەڵەبجەی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان، لە درێژەی قسەکانیدا جەختی لەوە کردەوە کە «سەردان و وەرگرتنی چارەسەر لە دەرەوەی وڵات بووەتە هۆی لەدەستدانی سەروەت و سامان و خراپبوونی باری ئابووری بەرکەوتووانی کیمیاباران و بنەماڵەکانیان و بە زەحمەت ژیانیان بەڕێ دەکەن.» گوتیشی: «ئومێدەوارین پاش ٣٠ ساڵ ئەو نەخۆشخانەیەی کە پێویستە بۆ چارەسەری بەرکەوتووانی کیمیاباران بکرێتەوە و پزیشکی پسپۆڕی بۆ دابین بکرێت و هەر بینایەکی بێ رۆح نەبێت.»

ئازاد وەلەدبەگی، خاوەنی بڕوانامەی ماستەرە لە یاسای گشتی سەبارەت بە تاوانی دژی مرۆڤایەتی و بەکارهێنانی چەکی کیمیایی تایبەت بۆ گوڵان دەڵێت: «بەکارهێنانی چەکی کیمیایی دژ بە هاووڵاتیانی مەدەنی، ئەوەندە ویژدانهەژێن و ئازاربەخشە، کە هەر لە دێرزەمانەوە کەوتۆتە بەر نەفرەتی کۆمەڵگەی مرۆیی. پەرەسەندنی بەرهەمهێنان و بەکارهێنانی ئەم چەکە، وای کردووە کە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لەم بارەیەوە بێدەنگ نەبێت و، وێڕای سەرکۆنەکردنی، کار بۆ قەدەغەکردنی بکات. مێژووی بەکارهێنانی چەکی کیمیایی بۆ شەش سەدە بەر لە زایین دەگەڕێتەوە، کە بە شێوازی ژەهراویکردنی ئاوی خواردنەوە و هەڵکردنی ئاگر لە بن دیوارەکانی قەڵای دوژمندا بەکار هاتووە. مێژوونووسی یۆنانی «توسیدید» باس لەوە دەکات، کە لە جەنگی پلۆپۆنز لە نێوان دەوڵەتشارەکانی یۆناندا، ئیسپارتییەکان لە هێرشیاندا بۆ سەر قەڵایەکی دوژمن، کەڵکیان لە سووتاندنی دار، سولفۆر و قیر وەرگرتووە.

لە جەنگی یەکەمی جیهان، ١١٣٠٠٠ تەن ماددەی کیمیایی لەلایەن ئەڵمانیا، بریتانیا، ئەمریکا، فەڕەنسا، هەنگاریا، رووسیا و ئیتاڵیا بەکار هات؛ کە لە ئەنجامدا بووە هۆی ئەوەی کە ٩٠٠٠٠ کەس گیانیان لەدەست بدەن و، یەك ملیۆن و سێسەد هەزار کەس زیانیان پێ بگات. لە کاتی جەنگی ئێران - عێراق، ٢٥٢ جار ئەم چەکە لەلایەن عێراقەوە بەکار هات. لە ساڵی ١٩٨٧ لە ئەنجامی هێرشی کیمیایی عێراق بۆ سەر شاری سەردەشت لە رۆژهەڵاتی کوردستان، زیاتر لە ٤٠٠٠ شەهید و بریندار لێ کەوتەوە. کارەساتی گەورەتر ئەو کاتە رووی دا، کە لە رێکەوتی ١٩٨٨/٣/١٦ هێزەکانی عێراق بە چەکی کیمیایی، هێرشیان کردە سەر شاری هەڵەبجە. ئەم کارەساتە، بووە هۆی شەهیدبوونی ٥٠٠٠ کەس و برینداربوونی هەزاران کەسی سڤیل». گوتیشی: «کارەساتی کیمیابارانی هەڵەبجە، پاش جەنگی یەکەمی جیهانی بە ترسناکترین حاڵەتی بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لە جیهاندا دادەنرێ. ئەوەی لێرەدا دەمانەوێ باسی لێوە بکەین، کاریگەریی کارەساتی هەڵەبجەیە لەسەر هەوڵەکانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، بە ئاراستەی قەدەغەکردنی زیاتری چەکە کیمیاییەکان. دواحاڵەتی بەکارهێنانی چەکی کیمیایی، لە ٢١ی ئابی٢٠١٣ بوو، کە دەوڵەتی سووریا گازی کیمیایی سارینی، دژ بە هاووڵاتیانی سڤیلی خۆی لە دەوروبەری دیمەشق بەکار هێنا؛ کە لە ئەنجامدا ٣٠٠ کوژراوی لێ کەوتەوە. چەکی کیمیایی، بەو ئامرازە جەنگییە دەگوترێت کە بە مەبەستی دانانی کاریگەری لەسەر مرۆڤ، ئاژەڵ و گژوگیا، توخمی کیمیایی بەکار دەهێنێت. هەروەك گوتمان، بەکارهێنانی چەکی کیمیایی ئەوەندە ترسناك و ئازاربەخشە، کە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیی ناچار کردووە لەم بارەیەوە دەستەوەستان نەبێ و، هەوڵ بۆ قەدەغەکردنی بدات. کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بە درێژایی دەیان ساڵی رابردوو، هەوڵێکی زۆری داوە تا چوارچێوەیەکی یاساییی نێودەوڵەتی دابڕێژێت، بۆ ئەوەی دەوڵەتانی جیهان پێوەی پابەند بن و، لەم رێگەیەوە بتوانێ رێگری لە بەکارهێنانی ئەم چەکە کوشندەیە بکات و، ئێش و ئازارەکانی مرۆڤ کەمتر بکاتەوە. رێککەوتنی ستراسبۆرگ لە ساڵی ١٦٧٥ لە نێوان فەڕەنسا و ئیمپراتۆریی ژرمان، بۆ قەدەغەکردنی بەکارهێنانی گوللەی ژەهراوی، گرێ درا، کە دەتوانین ئەمە بە یەکەمین رێککەوتنی نێودەوڵەتی بۆ قەدەغەکردنی بەکارهێنانی چەکی کیمیایی بزانین. هەروەها راگەیەندراوی برۆکسڵ لە ١٨٧٤/٨/٢٧ دەربارەی «یاسا و نەریتی جەنگ و قەدەغەکردنی بەکارهێنانی ژەهر و چەکە ژەهراوی و ئاڵۆزەکان، کە دەبنە هۆی ئازاری ناپێویست»، بە هەوڵێکی دیکەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بۆ قەدەغەکردنی ئەم جۆرە چەکانە دادەنرێ. لە هەر دوو کۆنفرانسی لاهای لە ساڵی ١٨٩٩ و ١٩٠٧، جەخت لەسەر قەدەغەبوونی چەکی ژەهراوی و ئەو ئامرازە جەنگییانە کراوە، کە دەبنە هۆی ئازاری لە رادەبەدەر. سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ١٩٨٨/٣/٢٥، دەستەیەك لە پسپۆڕانی خۆی بۆ ئەو ناوچانە نارد. لە ١٩٨٨/٤/١٤ ئەو دەستەیە راپۆرتی خۆی پێشکەش بە سکرتێری گشتی کرد و، ئەویش ئەنجومەنی ئاسایشی لەو راپۆرتە ئاگادار کردەوە؛ کە لە کۆتاییدا ئەنجومەنی ئاسایش بە دەرکردنی بڕیاری ژمارە ٦١٢ لە ١٩٨٨/٥/٩، وێڕای مەحکوومکردنی بەکارهێنانی چەکی کیمیایی، داوای لە هەر دوو لایەنی جەنگەکە کرد، کە چەکی کیمیایی بەکار نەهێنن و پابەندی پرۆتۆکۆڵی ساڵی (١٩٢٥)ی جنیف بن. .

کارەساتی هەڵەبجە، وێڕای ئەوەی کە نارەزایی و کاردانەوەی توندی لەناو کۆڕ و کۆمەڵە نێودەوڵەتییەکان

**کارەساتی کیمیابارانی هەڵەبجە، پاش جەنگی یەکەمی جیهانی بە ترسناکترین حاڵەتی بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لە جیهاندا دادەنرێ**

**سەردان و وەرگرتنی چارەسەر لە دەرەوەی وڵات بووەتە هۆی لەدەستدانی سەروەت و سامان و خراپبوونی باری ئابووری بەرکەوتووانی کیمیاباران و بنەماڵەکانیان و بە زەحمەت ژیانیان بەڕێ دەکەن**

**بەرکەوتووانی کیمیاباران سەرەڕای سارێژنەبوونی برینەکانیان، ناتوانن وەک کەسێکی ئاسایی تێکەڵ بە کۆمەڵگە ببنەوە، بەتایبەتی ئەوانەی کە بە هۆی نەخۆشیی هەردوو سییەکان و قوڕگیان دۆخێکی تایبەتییان هەیە**

لێ کەوتەوە، لە هەمان کاتدا ئەو راستییەیشی بەبیر کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی هێنایەوە، کە پێویستە هەوڵی جددی و کاریگەر بدەن بۆ قەدەغەکردنی یەکجارەکی و بنبڕکردنی چەکی کیمیایی. دوا بە دوای ئەم کارەساتە، چەندین کۆنفرانس و کۆنگرەی نێودەوڵەتی بۆ قەدەغەکردنی بەرهەمهێنان، فرۆشتن و بەکارهێنانی ئەم چەکە گرێ دران. ئەوەی کە جێی سەرنجە ئەوەیە کە دوا بە دوای ئەم کارەساتە ویژدانهەژێنە، کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، هەوڵە بەئەنجام نەگەیشتووەکانی خۆی چڕتر کردەوە. کارەساتی هەڵەبجە، وێڕای ئەوەی کە دەنگدانەوەیەکی میدیایی زۆری لێ کەوتەوە، لە هەمان کاتدا، بووە هەوێنی چەندین کۆنفرانس و کۆنگرەی نێودەوڵەتیی گرنگ بە مەبەستی قەدەغەکردنی چەکە کیمیاییەکان و ئەو هەوڵانەی خێراتر و بەگوڕتر کرد. دەرەنجامی ئەم هەوڵانە، بووە هۆی گرێدانی رێککەوتنی قەدەغەکردنی چەکە کیمیاییەکان لە ساڵی ١٩٩٣. دەتوانین گرێدانی ئەم رێککەوتنە، بە یەکێك لە دەستکەوتە گرنگەکانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لە دوا ساڵەکانی سەدەی بیستەم دابنێین. هەرچەند ئەم کارەساتە، لەسەر خەڵکی کوردستانی باشوور و بەتایبەت هەڵەبجەییەکان زۆر گران وەستا، بەڵام بووە هەوێنی دەستکەوتێکی گرنگ بۆ کۆمەڵگەی مرۆیی؛ کە رەنگە بتوانێ رێگە لە دووبارەبوونەوەی ئەو جۆرە کارەساتانە بگرێت، کە ویژدانی کۆمەڵگەی مرۆیی بریندار دەکەن.»

هەڵەبجە بە رووبەری ١٥٩٩ کیلۆمەتری چوارگۆشە لە پارێزگای سلێمانی و لە ٨٣ کیلۆمەتری باشووری رۆژهەڵاتی ناوەندی ئەم پارێزگایە هەڵکەوتووە و لەگەڵ رۆژهەڵاتی کوردستان سنووری هاوبەشی هەیە.

لە کۆتاییەکانی شەڕی ٨ ساڵەی نێوان ئێران و عێراق، رژێمی بەعس بە چەکی کیمیایی هێرشی کردە سەر. لە ئاستی جیهانییدا ئەمە یەکەمین جار بوو کە دەوڵەتێك ناوچەیەك کیمیایی باران بکات کە ئەم ناوچەیە لە چوارچێوەی جوگرافیایی خۆی دابێ.

رۆژی ١٦ی ئادار هێزی ئاسمانی حکومەتی ئەوکاتەی عێراق شاری هەڵەبجەی بە چەکی کیمیایی بۆمباران کرد. چەکێك کە بەکارهێنانی قەدەخە بوو، دەوڵەتی عێراقیش یەکێك لەو ١٢٠ وڵاتە بوو کە پەیماننامەی جنێڤ-ی بۆ قەدەخەکردنی بەکارهێنانی چەکی کیمیایی واژۆ کردبوو. بە پێی ئامارەکان زیاتر لە ٥ هەزار کەس دوایین هەناسەی ژیانیان بە گازی کیمیاییەوە هەڵکێشا و کتوپڕ گیانیان لەدەستدا و پتر لە ١٠ هەزار کەسیش بریندار بوون. بریندارەکانیش تووشی نەخۆشی مێشکی، دەروونی، هەناسەکێشان، بینایی و پێست بوون و ژمارەیەك لەوانیش دواتر بە هۆی کاریگەری گازی کیمیاییەوە گیانیان لەدەستدا. گازی کیمیایی هەروەها تا ماوەیەکی زۆر کاریگەرییەکانی لەسەر خەڵکی بەرکەوتوو دەمێنیتەوە و بە شێوەیەکی بۆماوەیی بۆ نەوەکانیان دەگوازرێتەوە.

بە پێی ئەو ئامارانەی کە ئەو کات بڵاو کرانەوە نزیکەی ٧٥٪ قوربانییەکان ژن و منداڵ بوون.

ئەوانەی توانای رۆیشتنیان هەبوو بریندارەکانیان بەرەو رۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران راگواست و لەوێش لەو کەمپانەی کە بۆیان تەرخانکرا نیشتەجێ بوون و بە شێوەیەکی زۆر سەرەتایی پشکنینیان بۆ کرا و دەرمانیان کردن.

بەشێك لە بەرکەوتووانی چەکی کیمیایی کە برینەکەیان قورس بوو، بۆ نەخۆشخانەکانی ئێران بەڕێ کران بۆ ئەوەی کە چارەسەری باشتریان بۆ بکرێ. زۆریەك لە نەخۆشەکان چارەسەری یەکجارییان بۆ نەکرا و ئەم نەخۆشیە هاوڕێی هەمیشەییانە.

زۆریەك لە منداڵانی ساوای هەڵەبجە لە ناوچە جیاوازەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران لە نەخۆشخانەکاندا بە بێکەس و کار مانەوە و لە ناوەندەکانی راگرتنی منداڵانی بێ سەرپەرشت، یان لە لای ئەو خێزانانەی کە بە دڵخواز منداڵیان لە نەخۆشخانە و ناوەندەکانەوە وەردەگرت، گەورە بوون. بۆمببارانکردنی هەڵەبجە درێژە پێدەری پاکتاوی نەتەوەیی و نەژادی خەڵکی کوردستان بوو. بەرفراوانبوونی خەباتی نەتەوەیی و جووڵەی جەماوەری لە باشووری کوردستان مەترسییەکی گەورە بوو بۆ سەر دەسەڵاتی رژێمی بەعس. رژێمی بەعس بە مەبەستی سەرکوتکردنی خەڵکی کوردستان رێگە و ئامرازی نوێی تاقی دەکردنەوە و چەکی کیمیایی و کۆمەڵکوژیی وەك دوایین رێگەچارە بۆ بەرەنگاربوونەوەی داخوازییەکانی نەتەوەی کورد بەکارهێنا.

دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق لە ٢٨/٢/٢٠١٠ عەلی حەسەن مەجید ناسراو بە عەلی کیمیایی وەکو بکەری سەرەکی بۆمببارانی کیمیایی هەڵەبجە بە لەسێدارەدان حوکمدا و سزای ١٥ ساڵ زیندانیکردنی بەسەر وەزیری پێشووی بەرگری سەپاند و کارەساتی هەڵەبجەی بە تاوان دژی مرۆڤایەتی ناساند.

دوای دەرکردنی ئەم بڕیارە، وەزارەتی شەهیدانی حکومەتی هەرێمی کوردستان داوای لە دادگا کرد کە کارەساتی هەڵەبجە نەك بە تاوان دژی مرۆڤایەتی، بەڵکوو بە جینۆساید بناسرێ و دادگای پێداچوونەوە لە ١ی ئاداری ٢٠١٠ ئەم داواکارییەی پەسند کرد.

لەسەر داوای نوێنەرانی کورد، پەرلەمانی عێراق لە ١٥ی ئاداری ٢٠١١ تاوانی هەڵەبجەی بە جینۆساید ناسی.

**چەندین بەرکەوتەمان هەیە کە پێویستە بۆ چارەسەری نەخۆشی و کەمکردنەوەی ئێش و ئازاریان لە ساڵێکدا بە لانیکەم چوار جار سەردانی ئێران بکەن، بەڵام توانایان نییە**

**حاڵ و گوزەرانی برینداەرەکانی چەکی کیمیایی پاش ئەم هەموو ساڵە چ وەک باری تەندروستی و چ وەک باری ئابووری و دارایی رۆژ لە دوای رۆژ لە خراپبووندایە**

